# ئـاسمان

شیعری / / مانویێل پیێلاس

له‌ ئیسپانییه‌وه‌ / / حه‌مه‌ی ئه‌حمه‌د ڕه‌سووڵ

1-

ئه‌ڕۆم . . به‌ره‌و ئاراسته‌ی خۆم ئه‌ڕۆم
من به‌ره‌و ئاراسته‌كه‌م ئه‌ڕۆم . .
به‌یانی ، هه‌ر به‌یانییه‌و وه‌دوومدوكه‌وێ
گه‌ر ئه‌و په‌ڵه‌ هه‌وره‌ شینه‌ په‌رشو بڵاوه‌ نه‌بێ
كه‌ له‌لای خۆم ، له‌ ئاسمانه‌كه‌ی خۆمدا گلمداته‌وه‌
من ناوی ئه‌نێم ‘ گه‌مه‌كه‌ی خۆم ’
ئه‌وه‌ منم كه‌ به‌ره‌و ئاراسته‌كه‌ی ئه‌و ئه‌ڕۆم
به‌یانی هه‌ر به‌یانییه‌و
په‌رشو بڵاو و داخراوه‌ . .

‘ گه‌مه‌كه‌ی خۆم ’
په‌ڵه‌ هه‌وره‌ شینه‌كه‌ی خۆم ، ئه‌ویش هه‌ر په‌رشو بڵاوه‌
وه‌لێ كراوه‌یه‌ ، . . دڵگیر و دولبه‌ره‌ . .
بۆیه‌ به‌ره‌و ئاراسته‌كه‌ی خۆم ئه‌ڕۆم . . . !
2- ئاسمان ؛ دڵگیر و دولبه‌ره‌
ئاهه‌نگسازدانێكی بێهووده‌یه‌ . .
ئه‌مشه‌وه‌ ئاتمۆسفیرێكی شه‌رمن و كه‌مدووه‌ . .
له‌ كیژه‌ پاكیزه‌كانی بیابان ده‌چێ . .
شتێ نابینم بۆنی ئه‌وی لێبێ . .
پۆشاك و كراسه‌كه‌ی ئه‌و ، گه‌رمیم پێنابه‌خشێ . .
چونكێ زۆربلێیی و هه‌ڵه‌وه‌ریش ، مایه‌ی سه‌ریه‌شه‌ن . .
حه‌ز به‌ پیاسه‌یه‌ك ده‌كه‌م . .
شه‌قامه‌كانی بیركردنه‌وه‌ به‌ وێنه‌ ته‌نراون
وێنه‌كانیش ، ته‌نها وێنه‌كانن ؛
بیره‌وه‌ری ژیانمان ده‌پارێزن . .
بۆیه‌ ئاسمان نابینم ،
ئاسمان له‌ وێنه‌كانا ڕه‌ش و سپین . .
ئه‌و وێنانه‌ ، بۆ ڕێكلامێكی هه‌رزانبه‌ها ده‌یانبه‌خشینه‌وه‌ .



www.kurdistannet.org

* * *

دووایینجار

بۆ دووایینجار ، کەسێکی وامبینییەوە شایانی ڕێنووماییم بێ . .
کە پەنجەکانم بگووشێ و خوێنم بڕژێنێتەوە
پێم دەڵێت ؛ ڕوانگەکانت کێماسی دێنن
تێڕوانینت گەرەکە . .
چاویلکەکەت پاککەرەوە و چاوانت بنووقێنە
لەسەر کورسی هەیوانەکەت ڕاکشێ و تاوێ بیرکەرەوە
شەو پاشەکشە ناکاو ئاسمانی تۆ هێجگار دوورە
ئەوە خۆتیت دەڕۆیت و لەگەڵ خۆتا بیبەرەوە . .
ئەمڕۆش ئەڕۆم ،
ئەڕۆم چونکێ چاوەکانم بۆ هەڵنایەن
ئەوەی هەردەم و هەنووکەش کە پێیدەگەم ، ئاسمانە
ئاسمانەکەی خۆمە ، کە دلگیر و چاوشین و جوانە . . . . !

---

( * ) هەیف ، مەبەست لە مانگی 30 یان 31 ڕۆژییە ( وەرگێڕ ) .

................................................................................

سەرچاوە

***.Manue'l Pelas , El cielo . Madrid , 2000***